# نا نا.. نەکەن سولّح بکەن

ئیبراهیم مەلازادە- هۆڵەندا
bmalazada@yahoo.co.uk

ئەو برینەی دەیەها ساڵە بە ژەهر دەکولێنرێتەوە
پێمان دەڵێ
نە عەرد نە بەرد
نە دارو درەخت، نە هەوای گەرم و هەوای سەرد
نە خۆزگەی زیندانیەکانی ئەبو غریب
نە بیابانی سکپڕ بە هەزاران لاشەی
پەل پەل کراوی دەست و پێ بەستراوی نەبەرد
ڕازی دەبن سولّح بکەن

* * *

نا نا نەکەن، سولّح نەکەن
تا سەرو چاوەی ژەهر و ڕق بنبڕ نەکەن
تا دزێوە قرێژەکان
ئەسرینە پڕ لە ئازارە ڕژاوەکان
بۆ هەڵەبجەو
بۆ چوار هەزار گوندی سوتاو
بۆ قەتارەی دوسەد هەزار ئەنفال کراو نەهێننەوە
تا شەپۆلی ڕۆحە بێ کۆتاییەکانیش
لەگەڵ برمەو شەپۆلی ئاگری نەوروز بەهار ئاسا نەژیێننەوە
سولّح نەکەن
تا روح دەفڕن
تا فرمێسک مۆدێلی تازەی ژیان دەبن

تا ئەوان هەن
بەدیار جوانەمەرگەکانا پێدەکەنن، گینگل دەدەن
تا کرنوشی پەشیمانی
بۆ پێلاوی پێشمەرگەیەکی کورد نەبەن
سولّح نەکەن

* * *

نا نا نەکەن، سولّح نەکەن
مێژو و قەبر و گشت پەڕاوە سووتاوەکان
لەسەر مۆدێلی سەربڕین
شایەدی ئەبەدی دەدەن
لە زیندانەکان بپرسن
لەگەڵ قنارەکان بدوێن
ساچمەو ملیۆنەها گوللە کۆکەنەوە

هەموو دەڵێن
ئەوان لەوەتی هەن خوێنن
دژی جوانی و گوڵ و ڕۆحن، خەو زڕێنن

پارچەی ڕزی و هەڵگڵۆفاوی بە قوڕی
دەرپێ و شەلوارو کەراس و
کۆچکەی منالّی لادێیی و
پینەی سەر ئەنیشکە و سەرچۆکی پێخواس و
چامەی سوور و ڕەش و سپی
تێکەڵ لەگەڵ ئێسک و پڕوسکی نازدارەکان
لە دۆزەخی بە کۆمەڵی بەر دەمی بڵدۆزەرەکان
هەموو دەڵێن، هاوار دەکەن
نا نا نەکەن، سوڵح بکەن
تا دوا دەنگ و باسی ونبووی ئەم وڵاتە
بۆ دایک و باوک، بۆ خێڵ، بۆ تیرەو عەشیرەت
بۆ گوندە ڕمێنراوەکان
بۆ شارۆچکە لە دوکەڵ خنکێنراوەکان
بۆ کەس و کاری سەرجەم ڕفێنراوەکان
بۆ دوا ئۆخەی دڵنەوایی
بۆ بەردەم پەیکەری پێشمەرگەی تا هەنوکەش ون نەبەن
سوڵح نەکەن

❊ ❊ ❊

نا نا نەکەن سوڵح نەکەن
هەڵەبجە باوەشئامێزە لەگەڵ ئامەد
لەگەڵ قامیشلۆ و مەهاباد
هاوار دەکەن، توخوا نەکەن
ئابڕووی کاروانی هەزاران شەهید ببەن
توخوا نەکەن
تا ئەمجارە سنووری بێحورمەت کراومان
لە ڕۆژی حەرام
لە مانگی حەرام
لەسەر زەوی حەرامی ئەم نیشتمانە
دووبارە دەسنیشان نەکەن.

❊ ❊ ❊